ئایا ڕازی دەبیت ئەگەر پەیوەندیم هەبێت لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی تۆ دەگەیەنێت، وپەیوەندی بپچڕێنم لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی تۆ دەپچڕێنێت؟

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خودا بوونەوەرەکانی دروستکرد، کاتێک خولقاندنیان تەواو بوو، ڕەحم (پەیوەندی خزمایەتی) هەستا وخۆی هەوڵواسی بە (حەقو)*ی خوای میهرەبانەوە (الرحمان)ەوە، خودا فەرمووی: ئەوە چییە؟ (حەقو) ووتی: ئەمە پەناگەی کەسێکە کە پەنا دەگرێت لە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی، خودا فەرمووی: «ئایا ڕازی دەبیت ئەگەر پەیوەندیم هەبێت لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی تۆ دەگەیەنێت، وپەیوەندی بپچڕێنم لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی تۆ دەپچڕێنێت»، ووتی: بەڵێ، ئەی پەروەردگار، خودا فەرمووی: «دەی بڕیار بێت ئەوە بۆ تۆ بێت». پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بیخوێننەوە ئەگەر ویستتان: {فَهَلۡ عَسَيۡتُمۡ إِن تَوَلَّيۡتُمۡ أَن تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَتُقَطِّعُوٓاْ أَرۡحَامَكُمۡ} واتە: {جا ئایا ئێوە بەتەمان (ئەی ناپاکان) ئەگەر پشت هەڵبکەن (لە ئیسلام وجیهاد) ولە زەویدا ئاژاوە وخراپە بەرپا بکەن وهەرچی پەیوەندی خزمایەتیە بپچڕێنن}. ولە گێڕانەوەکەی (بوخاریدا): خودا فەرمووی: «ئەوەی پەیوەندی تۆ بگەیەنێت (پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت) منیش پەیوەندی لەگەڵ دەبێت، وئەوەی پەیوەندی تۆ بچڕێنێت (پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنێت) منیش پەیوەندی لەگەڵ دەپچڕێنم» *(حەقو: شوێنی بەستن وتوندکردنی ئیزاری خوارەوەیە لە کەمەردا وەکو بۆ نمونە بەنەخوێن بۆ شەروااڵ وقایش بۆ پانتۆڵ، وخودا حەقوی هەیە بەڵام نازانین چۆنە ودروست نییە چواندنی بە بوونەوەر ودروستکراوەکان یان لێکدانەوەی واتایەکی تر بۆی یان پەکخستنی واتاکە ڕاستەقینەکەی هاوشێوەی (سیفەتەکانی تر

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خودا بوونەوەرەکانی دروستکرد، کاتێک خولقاندنیان تەواو بوو): واتا کاتێک تەواو بوو لە دروستکردنی هەموو) بوونەوەرەکان ئەمیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەو ماوەی دروستکردنە دیاریکراو بوو، وهەرچەندە توانای خوای گەورە هیچ سنوورێکی نییە، هیچ شت وکاروبارێک نابێتە هۆی ئەوەی شت وکاروبارەکانی تر جێبەجێ نەکات لە یەک کاتدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دانایی خودا بەو شێوەیە بووە کە ماوەیەک دیاری بکرێت بۆ ئەو دروستکردنانە، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کردەوەکانی خودا پەیوەستە بە ویستی زاتی مەزنیەوە، وهەرکاتێک بیەوێت شتێک ئەنجامبدات ئەنجامی دەدات. ومانای (تەواو بوو) ئەوە نییە کە خودا تەواو هەموو شتێکی دروستکرد وئیتر شتی تر دروست ناکات، بەڵکو دروستکراوەکانی زۆرتر دەبن ماوە دوای ماوە، بەڵام پێشتر زانستی هەبووە سەبارەت بە دروستکردنیان، ولە قەدەردا نووسیویەتی، وپاشان بە پێی ویستی خۆی دروستەدەکرێن، بۆیە هیچ شتێک جێبەجێ نابێت مەگەر ئەوانە نەبێت کە پێشتر زانستی سەبارەت هەبووە ولە قەدەردا نووسیویەتی، وپاشان ویستی لەسەر بوونیان هەبووە وهێنراونەتە بوون. (ڕەحم -پەیوەندی خزمایەتی- هەستا وخۆی هەوڵواسی بە -حەقو-*ی خوای میهرەبانەوە (الرحمان)ەوە، خودا فەرمووی: ئەوە چییە؟): ئەم کردەوانە دەخرێنە پاڵ -حەقو- لە هەستان وخۆهەڵواسین و قسەکردن، واتای ئاشکرای فەرموودەکە وەکو هەقیقەتی خۆی وەردەگرێت، هەرچەندە ڕەحم بە مانای گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی دێت لە نێو خەڵکیدا، بەڵام توانا ودەسەڵاتی خودا بەوەی مرۆڤ دەیزانێت ناپێورێت، وئەمیش لە ڕیزی ئەو فەرموودانەیە کە باسی سیفەتەکان دەکات، هەروەکو پێشەوایان فەرموویانە بەو شێوەیە دەگێڕدرێتەوە کە هاتووە، و وەڵامی ئەوانەیان داوەتەوە کە ئاماژەکانی ڕەتدەکەنەوە ونەفی لێدەکەن، ومانای ئاشکرای ئەم فەرموودە ئەوە ناگەیەنێت کە خودا جلی ئیزار وچارۆکەی هەیە وەکو ئەو پۆشاکەی کە خەڵکی دەیپۆشن، کە لە پێست ولۆکە وجگە لەمانە دروستەدەکرێن، خوای گەورە دەفەرموێت: {لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ} واتە: { هیچ شتێك بە وێنەی خودا نیە (نە لە زات ونە لەسیفات ونە لە کردارێدا) وئەو بیسەر وبینایە}. (-حەقو- ووتی: ئەمە پەناگەی کەسێکە کە پەنا دەگرێت لە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی): ئەمە گەورەترین پەناگەیە، وئەوەی پەنا بە خودا

بگرێت پەنای بە مەزنترین زات گرتووە، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی تاوانی پچڕانی پەیوەندی خزمایەتی، وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی چاکەکارییە بەرامبەر خزمەکان، وهۆکاری زیادبوونی خۆشەویستی ونزیکبوونەوە وهاوکارییە، وهۆکارە بۆ لادانی زیان وئازار لەسەریان، وپێداگیر بوونە لەسەر هێنانی سوودی دونیا ودواڕۆژ بۆیان. (خودا فەرمووی: «ئایا ڕازی دەبیت ئەگەر پەیوەندیم هەبێت لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی تۆ دەگەیەنێت، وپەیوەندی بپچڕێنم لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی تۆ دەپچڕێنێت»، ووتی: بەڵێ، ئەی پەروەردگار، خودا فەرمووی: «دەی بڕیار بێت ئەوە بۆ تۆ بێت»): ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت؛ خوای گەورە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەگەیەنێت وڕەحمی پێدەکات، وئەوەی خوای گەورە پەیوەندی لەگەڵدا هەبێت ئەوا هەموو خێر وئاسوودەیەکی بۆ دەبێت لە دونیا ودواڕۆژدا، وبێگومان کۆتایی ئەم ڕەحمەتە جێگیربوونە لە نزیک پەروەردگار لە بەهەشتی فیردەوسدا، چونکە سەرەنجامی گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی چوونە بەهەشتە کە لەوێدا بەندە سەیری ڕووی پیرۆزی پەروەردگاری بەخشندە دەکات، وئەوەی پەیوەندی خزمایەتی نەگەیەنێت ئەوا خوای گەورەش پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەپچڕێنێت، وئەوەی خودا پەیوەندی لەگەڵ بپچڕێنێت ئەوا دوژمنی خودایە ولەگەڵ شەیتانی دەرکراوی نەفرەتلێکراوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8284